کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-4-2007 1:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئەگەر یەکێتیی (ڕێبین تەها) زیندانی بکات ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

لە ئەنجامی ئەو پرۆسەی دادگایی کردنەی کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە دژی ڕێبین تەها بەرێیخستووە، ئەگەر ڕێبین زیندانی بکرێت، ئەوا یەکێتیی ڕیسواییەکی تر بۆ خۆی تۆمار ئەکات.
وە ئەگەر لە داهاتووشدا، بە هەر شانۆگەرییەکی ساویلکانەی لەم چەشنە، بیەوێت ئەو دەمکوت بکات یان زیندانی بکات، وە یان بیەوێت لە ناوی بدات، ئەوا لاپەڕەیەکی ڕەشی تر ئەخەنە سەر مێژوی ڕەشیان.
بە هیوای ئەوەی یەکێتیی خۆی بپارێزێت لە زیادکردنی ئەم لاپەڕە ڕەشە.
بە هیوای ئەوەی واز لەم شانۆی دادگایی کردنە بهێنن و ڕێزی ئازادی سیاسی بگرن.
2007/4/11

پار ساڵ ئەم چەند دێڕەی خوارەوەم لە سەر زیندانیکردنی ڕێبین نوسی:

## بۆچی ملهورانی کەلار ڕێبین زیندانی ئەکەن

عامر سابیر
asabir79@hotmail. com

ساڵی پار لە ڕۆژێکی زۆر گەرمی کۆتایی مانگی تەموزدا، لە شاری کەلار و ئۆردوگای سمود بە دیداری ڕێبین تەها شاد بووم، کە پێکەوە لە گەڵ دەیان کەسی تردا ئامادەی ئەو سمینارە بووین کە سەنتەری گەنجانی کەلار بۆ ڕێبوار عارف (ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) ڕێکیان خستبوو بۆ قسەوباس لە سەر ئازادی سیاسی لە کوردستان.
ڕێبین گەرچی قوتابیەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی یە، بەلاَم لاوێکی زۆر چالاک و هەڵسوڕاوێکی ماندوونەناس و خۆشەویستێکی کەم وێنەی خەڵکی شاری کەلار و ئۆردوگای سمودە. ڕۆژنامەنوسێکی ئازادیخواز و ڕابەرێکی چاونەترسی نارەزایەتیەکانی خەڵکی بەشمەینەتی گەرمیانە، هەروەها ڕێبین یەکێک لە دیارترین ڕێکخەرانی خۆپیشاندانە مەزنەکەی کەلار بوو کە یەکێتیی نیشتمانی بە دڕندەیی و ملهوڕی خۆی بەعس ئاسا خەڵتانی خوێنی کرد.
بەرپرسانی یەکێتیی لە کەلار زۆر هەوڵیان داوە کە ڕێبینی ڕابەر و خۆشەویستی خەڵکی بەشمەینەتی گەرمیان بکڕن و بیکەنە پیاوی خۆیان، بەلاَم بۆیان نەچۆتە سەر، بۆیە بۆ چاوترساندنی ئەو و خەڵکی کەلار ئاوا زیندانی ئەکەن.
ڕێبین تەها زیندانی ئەکەن چونکە سەریەشەی زۆری بۆ دەسەلاَتدارە دز و جەردەکانی کوردستان دروستکردووە.
ئازادی بۆ ڕێبین تەها
مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی تا ئێستا لاسایی بەعس ئەکەنەوە لە کوردستان
2006/2/7

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.